An Oifig um Chosaint Idirnáisiúnta
International Protection Office

**کۆدی ڕەفتاری داواکار**

زانیاری سەبارەت بە چاوپێکەوتنی ئۆنلاینی پاراستنی نێودەوڵەتی تۆ

تۆ لەم دەوڵەتەدا داواکاریت پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و لە پرسیارنامەکەتدا زانیاریت بۆ ئەم فەرمانگەیە دابینکردووە دەربارەی داواکاریەکەت. مەبەستی چاوپێکەوتنی ئۆنلاینی پاراستنی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە ئێمە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە پێشتر پێشکەشت کردووە و ئەو زانیارییانەی کە لە چاوپێکەوتنەکەتدا پێمان دەدەی، پشکنینێکی تەواوبۆ داواکارییەکەت بکەین. ئەمەش پێویستی بە پرسیارکردنی ورد دەبێت دەربارەی ئەوکێشانەی کە لە پرسیارنامەکەتدا ئاماژەت بۆکردووە و هەر بابەتێکی دیکە کە چاوپێکەوتنکار پێی گرنگ و پەیوەندیدار بێت. پێویستە داوای ڕوونکردنەوە لە چاوپێکەوتنکارەکە بکەیت دەربارەی هەر پرسیارێک کە لێی تێنەگەیشتی.

پێویستە بە ووردی ترسەکانت ڕوونبکەیتەوە و هەموو ئەوزانیاری و وردەکارییانەی کە پەیوەندییان بە بارودۆخەکەی تۆوە هەیە دابینبکەیت. ئەم چاوپێکەوتنە دەرفەتی تۆیە بە ووردی ڕوونیبکەیتەوە بۆچی دەترسیت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت.

**ئەرکی تۆیە بە تەواوی مانا هاوکار و ڕاستگۆبیت.** تۆمارێکی نووسراوی چاوپێکەوتنی ئۆنلاینەکە لەلایەن چاوپێکەوتنکارەکەت هەڵدەگیرێت دەربارەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی داواکارییەکەت. لەکاتی چاوپێکەوتنەکە، تۆماری چاوپێکەوتنەکەت بۆ دەخوێندرێتەوە و کاتی قسەکانیش هەمووی دەنووسرێن، ئەمەش هەلی تۆ دەبێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەر زانیارییەک کە هەست دەکەیت بە ڕاستی تۆمار نەکراوە. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا داوات لێدەکرێت بە شێوەی زارەکی پشتڕاستی بکەیتەوە کە تۆماری چاوپێکەوتنەکە ڕاست و دروستە، بەروار و کاتژمێری پشتڕاستکردنەوە زارەکییەکەش لەسەر تۆمارەکە دەنووسرێت.

فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ بارودۆخێکدا لە پەیوەندیدا نابێت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی کە تۆ لێی هەڵهاتوویت.

دوای چاوپێکەوتنەکە، بڕیار لەسەر داواکارییەکەت دەدرێت و ئەگەر بڕیارەکە نەرێنی بوو، ئەوا دەرفەتت دەبێت بۆ تانەدان لە دادگای تانەدانی پاراستنی نێودەوڵەتی.

**<u>ڕۆڵی وەرگێڕ:</u>** ئەگەر لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا وەرگێڕ هەبوو، پرسیارەکانی چاوپێکەوتنکار و وەڵامەکانت بە وردی وەردەگێڕێت. وەرگێڕ نە ئامۆژگاریت دەکات و نە هیچ بۆچوونێک لەسەر بابەتی دۆسیەکەت دەردەبڕێت. وەرگێڕەکە ئاگاداری سروشتی نهێنی چاوپێکەوتنەکەیە و مۆڵەتی نییە گفتوگۆ لەگەڵ تۆدا بکات جگە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنکارەکەوە.

**<u>نوێنەری یاسایی:</u>** ئەگەر نوێنەری یاسایی تۆ لە چاوپێکەوتنەکە بوو، دەتوانێت تێبینی بنووسێت بەڵام نابێت قسەکانت ببڕێت یان وەڵامی هیچ پرسیارێک بداتەوە بۆت. لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا، داوا لە نوێنەری یاسایی تۆ دەکرێت بۆ هەر سەرنج یان کۆمێنتێک کە هەیبێت.

لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەتدا داوات لێدەکرێت پشتڕاستی بکەیتەوە کە ئەم بەڵگەنامەیەت خوێندووەتەوە و لێی تێگەیشتوویت.

**ناوی داواکار:**

**بەرواری ڕێککەوتن: ڕۆژ/مانگ/ساڵ** **کاتی ڕێککەوتن: ڕۆژ/مانگ/ساڵ**